# نووسةران لة نصوان ثةيامي نووسين و ثياهةلَداندا ... سلَمان عةبدولآ يونس

ماوەیەکە و بەتایبەت لە دوای بوونی مام جەلال بەسەرکۆماری عیراق، هەندێ ڕۆژنامەنووس و نوسەرانی ڕۆژنامە حیزبیەکانی سەر بە ئۆرگانە جیاجیاکانی پارتی بەداخەوە ڕۆڵی زۆر نێگەتیڤانە وازی دەکەن و هەندێکیان لەبەر حیزبایەتی کوێرانە و دەروێشانە و هەندێکیشیان بە مەبەستی خۆبردنە پێش و زیاتر دەستگیر کردن لە پاروە چەورەکەیە، کەبەداخەوە خودی ئەم زەمینەسازیە لە ناو هەناوی هەردوو حیزبە گەورەکەی کوردستاندا لەبارکراوە،هەربۆیەش لە ئەمڕۆدا بەشێکی زۆر لەو بازرگانانەی بواری نوسین لە دەوری ڕاگەیاندنی ئەم دوو پارتە کۆبونەوە، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتم بۆ هەموو خامە خاوێن و سەربەرزەکانی ناو ئۆرگانە جیاجیاکانی ناو ئەو دوو حیزبە کە من هەرگیز ناخوازم لە ڕۆلیان کەم بکەمەوە.

ئەو چەند مانگەی ڕابردوو هەندی ڕاستی زیاتر بۆ ڕای گشتی کوردستان بەگشتی و چاودێر و خوێنەرانی بەسەلیقە بەتایبەتی دەرکەوت، ئاشکرابوو کەتائێستا نوسەرانی وابەستە سورن لەسەر گێڕانی ئەو ڕۆڵە نێگەتیڤەی کە دەتوانن زۆرترین هەل و دەسکەوتی تاکەکەسی خۆیانی تیادا بەدەست بهێنن، سورن لەسەربەکرێدانی خامە چڵێس و نەخۆشەکانیان، سورن لە سەر هەڕاج کردنی قەڵەمە قەزەمەکانیان بۆ هەمیشە ڕشانەوە بەسەر سپێدە بێگەردەکانی کوردەوارریدا.

من بۆ کوردایەتی و بۆ هەلومەرجی ناسکی ئەمڕۆی کوردستان ئەوەندەی بوونی تاڵەبانی بە گرنگ دەزانم، دەبێ هی بارزانیش،ئەوەندەی ئێمەی کورد پێویستیمان بەیەکبوون هەیە لەپێناوی کەرکوک و هێنانەدی مافەکانماندا، سەدان هێندەو بگرە زیاتریش نە یارەکانمان بۆمان لە بۆسەدان، بۆیە ئەگەر ئەرکی نیشتیمانیانەی ئێمەمانان بێت ئەوا ئەرکی نیشتیمانیانە و حیزبیانەی سەر شانی نوسەر و ڕۆژنامەنوسانی ناو پارتی و یەکێتی‌یە، کە بەتەنگ پاراستنی یەک ڕیزی گەلەکەمان بن و بەرپرسانە لە نوسین و وتارەکانیاندا ڕەفتار بکەن،چونکە هەرستایشێک بۆ بارزانی ئەگەر لە سەر شکاندنی تاڵەبانی بێت یان بەپێچەوانەوە، ئەگەر خیانەت نەبێت بیگومان تاوان و هەڵەیەکی گەورەیە و پێویست دەکات هەم پێشی لێ بگیرێ هەم لە سەر ئاستێکی باڵای ڕاگەیاندن ڕاستیش بکرێتەوە.

ەوەی ئەوەی کە هانی دام بۆ ئەو نوسینەم چەند بابەتێک بوون کە ئەم ماویە لە دەزگا جۆر بەجۆرەکانی ڕاگەیاندنی پارتی‌دا بڵاو کرانەوە،کە دواترینیان بابەتەکەی سەرنوسەری هەفتەنامەی [ باسەڕە ] یە کە لە کەرکوک دەردەچێ و دەنوسێ [ سەڵاحەدین حوکمی بەغداد دەکات] کە من پڕ بە دڵ نەک هەر دەخوازم سەڵاحەدین بەڵکوو دوورترین کوێرە گوندی ئەم کوردستانە هەمیشە حوکمی بەغداد بکات، بەڵام دوور لە مەبەستی بیر تەسکی حیزبیانەی وەکوو سەرنوسەرەکەی باسەڕە، کەئەوەندەی بوار بەخۆی داوە لەسەر حسابی شکاندنی تاڵەبانی ستایشی بارزانی بکات لە سەر مەسەلەی سوێند خواردنەکەی کابینەکەی جەعفەری، چونکە بەڕاستی لەو مەسەلەیەدا شانازی یەکەم بەر لەهەموو کەسی بۆ کاک دکتۆر بەرهەم ساڵح و کاک عەبدولباستە، ئەوجا بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی تر کە ڕۆڵیان

هەبوو لە لەهەڵڵا دان لە قاو دانی ئەم بابەتە، کە لە نیو هەموو ئەوانەشدا مام جەلال و کاک مەسعود دێن،کە ئەمیان وەکوو سەرکۆمار بەڕەسمی داوای ڕوونکردنەوەی لە جەعفەری کردو ئەویشیان بە ڕوونی هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی ڕوونکردەوە بەو پێیەی کە سەرۆکی چاوەڕوانکراوی هەرێمی کوردستانە،بۆیە دەڵێم براینە تکایە با بەیەک چاو نەڕوانینن و بە یەک گوێچکەش نەبیستین، چونکە ئێمەی ڕۆژنامەنوسان و ڕووناکبیران و نوسەران خاوەن پەیامێکی پیرۆزین و ئۆباڵێکی مێژووی قورسیشمان لە سەر شانە، دەبا لە ئاست پەیامەکە و ئۆباڵەکەی سەر شانمان بین.

lemanyunes@.Com      uk slemanyunes@.co.uk